# هەنگاو
# بە
# هەنگاو

بەرگی دووەم

مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی «هەنگاو بە هەنگاو»
© 2002 Committee for Children, USA
Second Step, third edition
www.cfchildren.org

تەرجەمە و ئامادە کردنی کۆمەک
www.komak.nu
2005

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

### دەربارەی بەشی یەکەم

ئامانج لەم بەشە، پەرەپێدانی هاوسۆزیە لەلای منداڵ. هاوسۆزی ڕیشاڵێکی گرنگی توانا و ڕەفتاری جڤاکدۆستانەی منداڵە و هەروەها نیشانەی توانایەتی لە دۆزینەوە و بڕیار دانی ڕێگەچارەی کێشەدا.

ئەو منداڵەی پەی بە هەست و سۆز دەبات، بەرەو وەلاتانی کینە و شەڕەنگێزی دەچێت و خاستر لەلایەن منداڵی هاوپۆل و هاوتەمەنەوە پەسەند دەکرێت.

ئەو منداڵەی هەست و سۆزی بەرانبەر درک دەکات، لە پەیوەندیی جڤاکیدا سەرکەوتووترە و بۆ نموونە لەم خاڵانەدا تواناترە:

1- دیاری کردنی هەست، ئەمیان بریتییە لە:
- ناسینەوەی هەستی خۆی لە ڕێی نیشانەگەلی دۆخەکی و فیزیکی و ئەوجا ناوانی لەو هەستانە.
- ناسینەوەی هەستی بەرانبەر لە ڕێی نیشانەگەلی دۆخەکی و فیزیکی و ئەوجا ناوانی لەو هەستانە.
- جیا کردنەوەی هەست و دۆخ لە یەکدی و تێکەڵ نەکردنیان.

2- وەرگرتنی ڕوانگەی بەرانبەر، ئەمیان بریتییە لە:
- درک کردنی ئەوەی کەسانی جیاواز بۆچوون و هەستی جیاوازیان بەرانبەر دۆخێکی تایبەت هەیە.
- خوێندنەوەی باروودۆخ لە ڕوانگەی بەرانبەرەوە، نەک تەنها لە ڕوانگەی خۆوە.

3- میهرەبانی بەرانبەر کەسانی دیکە، ئەمیان بریتییە لە:
- پێشاندانی هەست و هاوسۆزی و پەرۆشی بەرانبەر کەسانی دیکە.

### خاڵی سەرەکی

**چەمکی زمان**

لە وانەکانی بەشی یەکەمدا فێری ئەو چەمکە زمانیانە دەبین کە پەیوەندییان بە شێوازی ئەنجامگیری و ڕەخنەوە هەیە.
زۆربەی هێما زمانییەکانی ئەم وانانە بۆ مەبەستی شی کردنەوەی سۆز تەرخان کراون.

**دیاری کردنی هەست**

دیاری کردنی هەست، چ لای خۆ و چ لای بەرانبەر، بنەمای هاسۆزییە و ڕێ خۆش دەکات بۆ بڕینی بەشەکانی دیکەی ئەم بەرنامەیە. گەر مرۆڤ پەرۆشی هەستی بەرانبەر نەبێت چ هاندەرێک نامێنێت بۆ چارەی کێشەی جڤاکی و بۆ جڵەو گرتنی تووڕەیی. نیشانەی فیزیکی و دۆخەکی یارمەتیی منداڵ دەدەن هەست دیاری بکەن.

وانەکانی بەشی یەکەم لەم باسانە دەدوێن: وەرگرتنی ڕوانگەی بەرانبەر، سەرنج دانە وێکچوون و جیاوازی، دانوستاندن لەگەڵ هەستدا، پێشبینی لە هەستی بەرانبەر و هەروەها پێشاندانی پەرۆشی.

### وانەکانی بەشی یەکەم

1- ڕاهێنانی هاوسۆزی / سەرنجێکی گشتی - باس لە شاچەمکە گرنگ و بنەڕەتییەکانی هاوسۆزی دەکات وەک ناسینەوەی هەست، گرتنی ڕوانگەی بەرانبەر، وەڵامدانەوەی هاوسۆزانە.

2- هەستی شانازی – ڕوون کردنەوەی هۆکاری هەستی شانازی و هەروەها پەی بردن بەوەی هەست دێتە گۆڕین.

3- خواست - دەرک کردنی ئەوەی خەڵک خواستی جیاوازیان هەیە و ئەو خواستانەش بەدەم کاتەوە دێنە گۆڕین.

4- هۆکار و ئەنجام – دەرکی ئەوەی هەڵسوکەوت چۆن کار لە بەرانبەر دەکات.

5- مەبەست – دوور کەوتنەوە لە مەبەستی بەد.

6- ڕەوایەتی - دەرک کردنی مافی کەسانی دیکە و پێشنیاز کردنی چارەسەری ڕەوا بۆ کێشەیەکی دێتە پێش.

کاتی تەواو بۆ خوێندنەوەی بەشەکانی «ڕۆڵوازی و چالاکی» تەرخان بکە و چاک لە سیناریۆکان بگە. هەوڵ بدە بەسەرهات و سیناریۆکان لەگەڵ بەسەرهات و ئەزموونی تایبەتیی خوێندکاراندا بگونجێنێت. گەر دەزانیت خوێندکارەکان توانای خوێندنەوەیان هەیە، بەشەکانی «ڕۆڵوازی و چالاکی» یان بۆ کۆپی بکە و هەر خوێندکارێک بەشی خۆی بدەرێ کاری لەسەر بکات.

### چەمکی زمان

گفتوگۆ دەربارەی هەست، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پەرەپێدانی هاوسۆزی و هونەرەکانی دیکەی پێویست بۆ چارەی کێشە (Spivack and Shure, 1974). لە هەموو وانەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» دا، سەردێڕێکی تایبەت هەیە بە «چەمکی زمان» بۆ دیاری کردنی شاچەمکەکانی ئەو وانەیە. ڕەنگە زۆربەی ئەو چەمکانە وشەی نوێ نەبن بەڵام واتا و بەکارهێنانی تازە وەردەگرن.
چەمکە زمانییەکان بریتین لە:

- بۆ ئەوەی منداڵ فێری دیاری کردن و جودا کردنەوەی هەست بێت دەبێ فێر ببێت بزانێت فلانە هەست «چییە» و «چی نییە»، بۆ نموونە: کارزان دەترسێ، نەک حەپەساوە.
- پەیوەستەی «وێکچوو – جودا» یارمەتیی منداڵ دەدات دەرکی دۆخە جوداکانی هەست بکات. بۆ نموونە: «ئاراز لە ئاو دەترسێت، شیلان حەزی لە مەلەیە. ئەم دووانە دوو هەستی جودایان هەیە بەرانبەر بە هەمان بابەت. دەشکرێ هەمان منداڵ بەرانبەر هەمان بابەت بەدەم کاتەوە هەست بگۆڕێت.
- پەیوەستەی «ئێستا - دوایی، پێش – پاش، جاروبار – بەردەوام» یارمەتیی منداڵان دەدات سروشتی گۆڕانکارانەی هەست دەرک بکات. بۆ نموونە: «نەسرین ئێستا پێی خۆش نییە لە دەرەوە یاری بکات، لەوانەیە دواتر پێی خۆش بێت.» «مەریوان پێش سەفەر خەمبار بوو، پاش سەفەرەکەی شاد بوو.» «ڕێزان جاروبار پێی خۆشە تەنیا بێت نەک بەردەوام». وردەکاری، تەمەن و زانیاریی دیکە ڕەنگە کار لە گۆڕینی هەست و خواستی مرۆڤ بکەن.
- پەیوەستەی « ئەگەر- ئەوسا، بۆچی – لەبەر ئەوەی» منداڵ فێری بیرکردنەوەی ئەنجامگیرانە دەکات. «ئەگەر من لەو بدەم لەوانەیە بگری» یان «ئەو ئازاری پێگەیشت، چونکە من لێمدا». ئەم ناسینەی هۆکار و ئەنجامە، نەخشی کاریگەری هەیە بۆ هەڵبژاردنی بڕیاری دروست.
- بە گشتی منداڵ گەر بزانێت ڕووداوەکە ڕێکەوت بووە نەک بە مەبەست، کەمتر بە ئەنجامەکەی تووڕە و پەست دەبێت. «دلێر بە ئارەزوو ئازاری کاروانی نەدا، ئەو ویستی تۆپەکە بگرێتەوە».
- پەی بردن بە «ڕەوابوون» یارمەتیمان دەدات ڕوانگەی بەرانبەر بگرین و تێ بگەین. «ڕەوا نییە شێرزاد هەموو کاتە تۆپەکەی لە دەست بێ، ئەوانەی دیکە دەرفەتی یاری کردنیان نابێت».

لیستی بەشی یەکەم: ڕووداو، چالاکی، داوای لێبوردن، پێش – پاش، ڕەوا، نیشانە، ئەگەر- کەواتە، زانیاری، هەیە- نییە، ئێستا- پاشان، بە مەبەست، خواست، شانازی، دروست، ڕۆڵوازی، وێکچوون – جیاوازی، باروودۆخ، بەشێک – گشت، تێگەیشتن، بۆچی – بۆیە.

سەرچاوەکان بە ئینگلیزی

Spivack, G., and Shure, M. B. (1974). *Social Adjustment of Young Children:*
*A Cognitive Approach to Real-Life Problems.* San Francisco: Jossey-Bass.

## بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی

### پاشماوەی «دەربارەی بەشی یەکەم»

### تێبینی دەربارەی ئاستی گەشە سەندن

**بابەتی تایبەت و ناساندن**

هاوسۆزی لای منداڵ هۆکار و بنەمای هەیە، بۆ نموونە دەرک و ناسینی هەستی خۆ و کەسانی دیکە، تێگەیشتن لە هۆکاری هەست و دەربڕینی دروست.
بەهای فەرهەنگی کاریگەری لەسەر تێگەیشتن و دەربڕینی هاوسۆزی هەیە.
ڕەنگدانەوەی هاوسۆزی لەم فەرهەنگەوە بۆ ئەویان جیاوازیی هەیە.

بەگشتی، منداڵ، لە ساڵی یەکەمی خوێندنەوە:

- هەستی خۆی و کەسانی دیکەی دەناسێتەوە
- هۆکاری هاوکۆی هەستەکان دەناسێتەوە
- پەی دەبات بەوەی دەشی هەستی خۆی و هەستی بەرانبەر جودا بن
- تێ دەگات کە دەشێ مرۆڤ لە یەک کاتدا زیاتر لە یەک هەستی هەبێت
- تێ دەگات کە ڕەفتار هەیە مەبەستی لە پشتە، هەیشە بێمەبەستە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم تواناگەلە لەم تەمەنەدا هێشتا سەرەتاییە. لە پۆلەکانی سەرەتادا زۆربەی خوێندکاران پەی دەبەن بەوەی مرۆڤی جودا، هاوکات بەرانبەر هەمان دیاردە، دەشێ هەستی جودایان هەبێت. بەڵام گەر هاتە سەر نموونەیەکی تایبەت کەم کەسیان دەتوانێ بە جوانی ڕاڤەی بکات.

لە قۆناغی سەرەتاییدا:

- توانای هاوسۆزی لای منداڵ خێرا پەرە دەستێنێت.
- منداڵ دەتوانن ڕوانگە و دیدی کەسانی دیکە تێبگەن.
- هەتا دێ جیاوازییان لە بواری هاوسۆزیدا فرەوانتر دەبێت.

### گرنگیی ئەم بەشە

نزمی هونەری هاوسۆزی، پەیوەستە بە نزمیی ئاستی گەشەسەندنی توانای جڤاکی، بە بەرزیی ڕادەی دڕی و توندوتیژی و هەروەها بە کزیی لە خوێندندا.

### گواستنەوەی زانیار

«گواستنەوەی زانیار» سێ هەنگاون - / بڕوانە «ڕێنامەی مامۆستا»، بیانکەرە یاریدەرێکی منداڵەکان ڕووەو گشتاندنی هونەرەکانی هاوسۆزی.

**خەیاڵی ئەمڕۆ:** لە سەرەتای ڕۆژدا یارمەتی خوێندکاران بدە کاتێک دیاری بکەن بۆ پیادە کردنی ئەو هونەرەی تازە فێری بوون، بۆ نموونە بپرسە:

- ئەمڕۆ، کەی هەموو خەریکی هەمان کار دەبین؟ (لە وانەی ماتماتیکدا).
- ئەدی کەی خەریکی کاری جیاواز دەبین؟ (لە وانەی چالاکیدا).
- کەی هەست بە ئارامی دەکەیت؟ (کاتی فراڤین، کاتی پشوو).

**ڕاهێزانی ڕەفتار:** بەدەم خوێندن و کارەوە، دەرفەتی ڕاهێزانی ڕەفتار پەیدا دەبن. ئەمانە چەند نموونەیەکن بۆ خوێندکاران، تا توانای هاوسۆزیی خۆیان بخەنە کار:

- بە بڕوای تۆ، لەیلان هەست بەچی دەکات؟ (تووڕەیە) چۆن دەزانیت تووڕەیە؟ مۆنە و باسکی ڕاستوچەپ لە باوەش گرتووە. (نیشانەی هەست).
- تۆ بە تەنێ گشت پڕۆژەکەت تەواو کرد! ئێستا هەست بەچی دەکەیت؟ (پەیوەندیی نێوان هۆکار- ئەنجام)
- شیلان خەمبارە و تۆش دەچیتە لای و پێکەوە تەماشای کتێبێک دەکەن. دەبێت ئێستا هەست بەچی بکات؟ (هەست گۆڕین)
- گەر ڕاستگۆ لە گەمەکە وەدەرنێیت، ئەوسا ئەو هەست بە چی دەکات؟ (پێشبینی لە هەست).

**یادی ئەمڕۆ:** پرسیار لە خوێندکاران بکە بزانە کەی هونەر و فەندەکانی ئەم بەشەیان بەکار هێناوە.

- کێ ئەمڕۆ هەستی بە شانازی کرد؟ بۆ چی تۆ هەستت بە شانازی کرد؟.
- کێ ئەمڕۆ کێشەیەکی چارەسەر کرد؟
- کێ ئێستاکە هەستێکی جیاوازتری لەو هەستەی سەر لە بەیانی هەیە؟

بە گونجاندنی «گواستنەوەی زانیار» لە کاتی دەوامی فێرگەدا، دەتوانیت یارمەتی خوێندکاران بدەیت تا فێر ببن خۆیان ئارام بکەنەوە، ڕێگەچارە بۆ کێشەکان بدۆزنەوە و ئەم هونەرانە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاربهێنن.

### چالاکیی دیکە

ئەمەش چەند پێشنیارێک بۆ تێهەڵکێشانی بابەتەکانی بەشی یەکەم لەگەڵ بابەتی دیکە:

1- با خوێندکاران وێنە لە گۆڤار و ڕۆژنامە دەربهێنن و لە ئەلبومێکدا کۆیان بکەنەوە و «کۆلاژی خوێندکاران» دروست بکەن. بۆ ئەوەی هەستە جۆراوجۆرەکان پێشان بدەن (هونەر).

2- «گەڕیانەلیست running list» (لیستەیەکە دەگەڕێت لە نێو پۆلدا) ێک بۆ هەست ساز بکە و پۆلەکە هان بدە تا ڕستەی زیادی بخەنە سەر، بۆ نموونە تۆ بنووسە «من زۆر شاد بووم کاتێک کە...». ئەوجا با خوێندکارێک ڕستەکە تەواو بکات و هەوڵیش بدات وێنەیەکی گونجاو بۆ ئەو ڕستەیە پەیدا بکات (زمان و هونەر).

3- لە ڕێی بەکار هێنانی دایگرام (خەتی بەیانی) ـەوە، هەڵبژاردنی ڕەنگ لای منداڵەکان پێشان بدە و بەراورد بکە. باس لە جیاوازیی خواستی خوێندکاران بکەن. (ماتماتیک)

4- «ڕاهێزانی ڕەفتار» دەربارەی چەمکی «وێکچوو - جودا» بخەنە کار. لە کاتی پشوودا لە منداڵان بپرسە، بۆ نموونە، ڕەنگی کراسەکەی کێ لەوەی تۆ دەچێت، یان جۆری پێڵاوەکەی کێ لەوەی تۆ ناچێت. (زمان و هونەر).

5- باس لە زیندەوەرانی ژینگەی هەمەجۆر بکەن، وەک جەنگەڵستانی زۆرباران، بیابان، خولگەی باکوور، جەنگەڵەستانی کەمەری زەوی (ئێکڤاتۆر) و هتد. هەروەها بۆچی فلانە گیانەوەر لە ناوچەی زۆر تایبەتدا دەژین. هۆکارەکانی چین؟ (سروشتناسی، بیری ورد)

6- لە ڕۆژنامەکاندا، وێنەی کاربەدەستان و بەرپرسیارانی لێ دەر بکەن، بۆ نموونە سەرداری ئاگر کوژانەوە، شاردار، ئوستاندار، بەڕێوەبەرانی فێرگە و فێرکاری و هتد. پاشان گفتوگۆ لەسەر هەستی ئەو کەسانە ساز بکەن. ڕوخسار و هەستیی ئەوان بە باسی جڤاکییەوە گرێ بدەن. داوا لە خوێندکاران بکە باس لە هەستی ئەو کەسانەی نێو وێنەکان بکەن. ئەو باسانە بنووسنەوە و لەگەڵ وێنەکان پێشانیان بدەن.

دەشکرێ خوێندکاران وێنەی ئەو کەسانە بکێشن و هەوڵ بدەن هەستە جۆراوجۆرەکانیان لە وێنەکاندا دەرببڕن. بۆ نموونە شاردار لە میهرەجانی نەورۆزدا زۆر دڵشاد بوو، بەڵام سەرداری ئاگرکوژانەوە کاتی گوتار خوێندنەوە شڵەژانی پێوە دیاربوو. (لێکۆڵینەوەی جڤاکی- هونەر).

7- کاتێک کە چیرۆک بۆ خوێندکاران دەخوێننەوە، جارجارە، لە خوێندنەوە بوەستە و پرسیار دەربارەی هەستی کارەکتەری چیرۆکەکە بکە. چۆن ئەو هەستە دەبینن. ئەوجا لێیان پرسە بزانە پێشبینیی ڕووداوەکان چۆن دەکەن، چی ڕوو دەدات و ئەو ڕووداوانە چ کارێک لە هەستی کارەکتەری چیرۆکەکە دەکات. (زمان – هونەر).

8- با پۆلەکە «گەڕیانە لیست» ێک ساز بکەن بۆ تۆمار کردنی هەست. هەموو هەستێک هەم بە وێنە و هەم بە وشە. (هونەر)

9- لیستی هەستەکان (ئەوەی خاڵی پێشوو) لە نزیک ئاوێنەیەکی گەورەوە هەڵبواسە. با خوێندکاران بە نۆرە لەبەر ئاوێنەکەدا هەستەکانی ناو لیستەکە بە ڕوخسار و لەش بنوێنن. باس لە گۆڕینی دەم، چاو، ماسولکەکانی ڕومەت، دەست، شان بکەن. (زمان، هونەر، دراما).

10- سندوقێکی «دەستی لێ بدە و بزانە چییە» ساز بکەن. کاڵای وەهای تێ هاوێژە کە شێوەی سەیریان هەبێت، بۆ نموونە کاغەزی سمارتە، پەڕی باڵندە، قوڕەچەورە، هەڵمات (کەلای شووشە) و زیندەوەری وشکێنراو. با هەریەک لە خوێندکاران دەست بکەن بە سندوقەکەدا و تەنها بە دەست لێ دان ناوی ئەو شتانە هەڵ بهێنن. گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەن چۆن مرۆڤ نیشانە و سەرەداو بەکار دێنێت بۆ دۆزینەوەی وەڵام. (سروشتناسی و بیری ورد).

بۆ زانیاریی زیاتر و گۆڕینەوەی بیروڕا سەردانی بەشی مامۆستایان بکە لە سایتی کۆمەڵەکەماندا www.cfchildren.org

### کتێب

گەر کتێبی کوردیی لەبارت بۆ ئەم بابەتە دەست کەوت ئاگادارمان بکە بۆ ئەوەی کەسانی دیکەش لێی سوودمەند بن.

**بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی**

## وانەی یەکەم:
## ڕاهێنانی هاوسۆزی - سەرنجێکی گشتی

وانەی ڤیدیۆ

### چەمک

هونەری هاوسۆزی پێویستی بە دیاری کردنی هەستی بەرانبەر، ئەویش لە ڕێی نیشانەی فیزیکی، زارەکی و دۆخەکییەوە (واتە نیشانەی بەرجەستە، بگوترێ یان پەیوەندی بە دۆخەوە هەبێت.)
بە گرتنی ڕوانگەی بەرانبەر مرۆڤ تێ دەگات کە دەشێ مرۆڤی جودا دیدی جودایان بەرانبەر هەمان بابەت هەبێت.

چەمکی زمان
ڕۆلۆوازی (نواندن / تەمسیل)، نیشانە و سەرەداو، دۆخ، ئەگەر-کەواتە، ببێت-نەبێت، وێکچوو - جودا، پێش- پاش.

### ئامانج

خوێندکار دەبێت:

- ناوی هەستە جیاوازەکان بزانێت
- بزانێت خەڵکی هەستی جیاوازیان هەیە
- فێر ببێت ڕوونی بکاتەوە کە هەست دێتە گۆڕان
- درک بە هەستە کەسانی دیکە بکات

### پێداویستی

- فیلمی ڤیدیۆی بەرگی دوومی «هەنگاو بە هەنگاو» - «گەشتی خێزان».
- تەلەڤیزیۆن و ڤیدیۆماشێن
- بۆ ماڵەوە: نامەی یەکەم، دەروازەیەک بەرەو «هەنگاو بە هەنگاو» - بەرنامەی خۆپاراستن لە توندوتیژی.

### ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

سوود لە دید و تێبینی خوێندکاران وەربگرە بۆ بژار و داڕشتنەوەی ڕێساگەلی گفتوگۆی نێو پۆل. ئەم وانەیە بەسەر کردنەوەیەکی گشتیی چەمکی هاوسۆزییە کە بناخەی «هەنگاو بە هەنگاو» ە. خوێندکاران فێری دەکات بگەڕێن بەدوای نیشانەی فیزیکی، زارەکی، دۆخەکیی هەستەکان لای کەسی بەرانبەر. فێری ئەوەوشیان دەکات سەرنج لە وێکچوون و جیاوازیی هەستی کەسی دیکە بدەن و لە گۆڕانی هەستیان بگەن.

هانی خوێندکاران بدە، ئاشنای پەرەسەندی هەست و سۆزی خۆیان بن.

فیلمی ڤیدیۆکە هەڵبکەرەوە بۆ سەرەتا، تا ئامادەبێت بۆ جاری داهاتوو.
دەکرێ ئەم وانەیە بکەیت بە دوو بەش، بەڵام نابێت هەر بەشەی لە دوو ڕۆژ زیاتر بخایێنێت.

### چیرۆک و گفتوگۆ

ئەم ساڵ پرۆگرامی «هەنگاو بە هەنگاو» بەکار دەهێنین. هەر وانەیەک وێنەیەکی لەگەڵە و چیرۆکێک دەگێڕێتەوە. ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین. ئەوەی فێری دەبین، لە ڕێی ڕۆلۆوازی و چالاکیی دیکەوە پیادەی دەکەین. ئەو هونەرانەی فێریان دەبین سوودیان زۆرە.

لە ڕێی وانەکانی «هەنگاو بە هەنگاو» ەوە:

- باشتر ئاشنای هەستەکانی خۆمان و بەرانبەر دەبین.
- فێر دەبین گەر تووشی کێشە بووین لەگەڵ خەڵک، چارەسەری بۆ بدۆزینەوە.
- فێر دەبین کاتی تووڕەبوون چۆن ڕەفتار بکەین.

ئەمڕۆ، باس لە هەستی کەسی بەرانبەر دەکەین. خۆمان دەکەینە دۆزکار (کەسێکی خەریکی دۆزینەوەی باس و بابەت بێت) و بە شوێن نیشانە و سەرەداودا دەگەڕێن. سەرنج دەدەینە ڕوخسار و لەشی بەرانبەر. سەرنج دەدەینە باروودۆخ، چی ڕوو دەدات.

وانەی ئەمڕۆمان بە فیلمێکی ڤیدیۆ دەربارەی دانیاڵ و خێزانەکەی دەست پێدەکات. بەدەم تەماشای فیلمەکەوە سەرنج بدەرە هەستی دانیاڵ و ئەندامانی خێزانەکەی، هەست بە چی دەکەن و نیشانەی هەستەکان چین.

فیلمەکە پێشان بدە. پشوویەک بۆ گفتوگۆ و ڕا دەربڕین. فۆتۆگرافی دانیاڵ پێشان بدە.

1- دانیاڵ هەست بەچی دەکات؟ (دەترسێت) چۆن دەزانیت دەترسێت؟ (چاوی زەق، برۆی بەرزبوونەتەوە، دەمی کراوەتەوە.)

2- دەبێ چی ڕووی دابێت وا دانیاڵ دەترسێت؟ (ونبووە) باروودۆخی دانیاڵ پێشانی دەدات کە دەترسێت.

3- ئایا تۆ هەرگیز نەترساوی؟ (ئەرێ ترساوم) کە ترساوم ڕوخسارم وەهای لێهاتووە. (پێشانی پۆلەکەتی بدە) هەم بە ڕوخسار و هەم بە لەش. ئاماژە بە نیشانەکانی ترس بکە. بۆ نموونە: دەکرێ هەم بە گوتن وهەم بە ڕۆلۆوازی پێشانی پۆلەکەتی بدەیت و بڵێیت «کاتێک کە دەترسم شانەکانم کوور دەبنەوە ونینۆکەکانم دەگەزم». (هەوڵ بدە هەموو لەشت بەکاربهێنی بۆ پێشان دانی دیمەنی هەستی ترس).

4- گەر خێزانەکەی بیدۆزنەوە، ئەوساکە دانیاڵ هەست بەچی دەکات؟ (هەست بە خۆشی دەکات و شاد دەبێت.)

5- گەر خێزانەکەی دانیاڵ هەست بە ونبوونی دانیاڵ نەکەن، ئەو کاتە دانیاڵ هەست بەچی دەکات؟ (خەمبار دەبێت و دەترسێت).

خێزانەکەی دانیاڵ پەرۆشی هەستی دانیاڵن. ئێمەش پەرۆشی هەستی کەسانی بەرانبەرین.

(وانەکە لە کارتی دووەمدا درێژەی هەیە جارێ کارتی یەکەم بخەرە لاوە.)

**بەشی یەکەم – ڕاهێنانی هاوسۆزی**

## وانەی یەکەم:
## ڕاهێنانی هاوسۆزی - سەرنجێکی گشتی

(پاشماوەی کارتی پێشوو)

فۆتۆی (ماردین و بابی ماردین) پێشان بدە.

6- بابی ماردین، هەست بەچی دەکات؟ (شادە) چۆن دەزانیت شادە؟ (پێدەکەنێت، ددانەکانی دیارن، کولْمەکانی بەرزبوونەتەوە. پێلّوی چاوەکانیشی زۆر لێک نزیکن و چاوی نیمچەنووقاون.) لەوەش بترازێت، دۆخی فۆتۆکە پێشانی دەدات شادن. ماردین و بابی هەردووکیان شۆخی دەکەن و خۆشیان لێ دەگوزەرێ.

7- ماردین و بابی هەمان هەستیان هەیە، هەردووکیان.......... (شادن). هەردوو فۆتۆی دانیاڵ و ماردین پێشان بدە. ماردین و دانیاڵ دوو هەستی تەواو جودایان هەیە. ماردین .......... (شادە) و دانیاڵ.......... (دەترسێ).

دانیاڵ لە خێزانەکەی دابڕاوە، دیارنین و نازانێ لە کوێن. دانیاڵ دەترسێ. وەرن سەیری بەشێکی دیکەی فیلمەکە بکەین و بزانین هەستی دانیاڵ چۆن دێتە گۆڕین.

(برگەی دووەمی فیلمەکە پێشان بدە و پشوویەک بدەن بۆ ڕاگۆڕینەوە.)

8- هەستەکان هەمیشە لە گۆڕان و هەڵچوون و داچووندان. دانیاڵ ئەو کاتەی کە ون بووبوو، زۆر دەترسا. ئەدی ئێستاکە، دانیاڵ هەست بەچی دەکات؟ (شادە) ئێستاکە هەستێکی دیکەی هەیە، تەواو لەو هەستەی ئەو کاتەی جودایە کە ون بووبوو. ئەوسا ......... (دەترسا). بەڵام دوای ئەوەی کە باوکی دیتییەوە، ئیدی ئەو ناترسێ. ئێستا ئەو......... (شادە).

9- چ کاتێک هەستت گۆڕاوە (کاتی ماڵ گواستنەوە. کاتێک چوومە کۆرسی ژێرەمەلە، کاتێک بە دارادا هەڵ گەڕاوم. لە ماڵی دۆستێک ڕۆژم کردۆتەوە.) نموونەی دیکە لە بەسەرهاتی خۆت بێنەرەوە.

### ڕۆڵوازی

وەرن بە ڕۆڵوازی هەستەکانمان پێشان بدەین. یەکێک بە ڕوخسار، لەش و وشە هەستەکانی دەردەبڕێت و ئێمەش تەماشا دەکەین و هەوڵ دەدەین هەڵی بێنین چ جۆرە هەستێکە. من دەست پێ دەکەم.

هەوڵ بدە ڕوخسارێک و لەشێکی تورە پێشان بدە و بڵێ: «چۆن وا دەبێت! دواهەمین کولیچەی ڕفاند. «هاوکارییەکی نەکرد، نە لە شێلان و نە لە برژاندا. بەڕاستی دەمویست لە چنگی دەربهێنمەوە. دەزانن ئێستا هەست بە چی بکەم؟ (کاتێک خوێندکاران تێگەیشتن و گوتیان تووڕەیت، تۆش بڵێ: «ئەرێ هەست بە تووڕەیی دەکەم.»

(پاش ڕۆڵوازی پرسیار بکە) چ نیشانەیەک پێشانی دایت من هەست بەچی دەکەم؟

ئەوجا بە چرپە هەستێک لای منداڵەکە بدرکێنە، ئەویش بە ڕۆڵوازی پێشانی پۆلەکەی دەدات. پۆلەکەش ئەو هەستە هەڵ بێنن. گەر پێویستی کرد سەرەداویان بدەرێ تا لە هەستەکان بەتەواوی بگەن. کاتێک کە پۆلەکە دەرکیان بەهەستەکە کرد، ئەو کات خوێندکاری ئەکتەر دەڵێت: «ئەرێ هەست بە ......... دەکەم.»

لەم لیستەیەی خوارەوە نموونە هەڵبژێرە لەگەڵ بەسەرهاتی خوێندکاراندا یەک بگرێتەوە و لایان ئاشنا بێت. گەر خۆشتان نموونەی لەبارترتان لا هەیە، باشتر.

- هاوڕێیەک دیارییەکت دەداتێ (سەرسامیت – شادیت)
- دایکت نەخۆشە (خەمباریت- نیگەرانیت)
- بەنیازی بچیت بۆ سینەما و سەیری فیلم بکەیت (بە پەرۆشیت – شادیت)
- پێت ناوە بە تۆپەڵێک بنێشتدا (بێزاریت – دڵتەنگیت)
- بە درەختێکدا هەڵگەڕاویت و ناتوانیت بێیتە خوارەوە (ترس – نیگەرانی)
- هاوپۆلێکت گشت خوێندکارانی بۆ ئاهەنگ و میوانی بانگ کردووە تەنها تۆ نەبێت. (دڵت ئێشاوە، خەمباریت، تووڕەیت)

لەگەڵ هەر یەک لەو دۆخانە خوێندکاران هەستی جودایان هەیە. دوای ئەوەی پۆلەکە لە دۆخەکان تێگەیشتن، پرسیاریان لێ بکە ئاخۆ هەستی جودایان بەرانبەر هەمان دۆخ هەبووە. ئەوانەی هەستی جودایان بووە با بە ڕۆڵوازی پێشانی بدەن. بیری خوێندکاران بخەرەوە کە دەکرێ خەڵکی هەستی جودایان بەرانبەر هەمان بابەت هەبێت.

- چاوەڕوانی نۆرەیت تا لە کۆبوونەوەی فێرگەدا وتار بخوێنیتەوە (شپرزەیت، دڵەڕاوکێتە، دەترسیت، نیگەرانیت).
- تازە هاتوویتە ئەم پۆلە. (شەرم دەکەیت. نیگەرانیت)
- لەسەر کورسیی نێو پۆل دانیشتوویت و خەریکی ئەرکی خۆتیت لەپڕ زەنگی پشوو لێ دەدات. (نیگەرانی، شادیی – ئاسودەیی)
- دەگوازنەوە بۆ خانوویەکی نوێ. (شادیت، خەمباریت، نیگەرانیت پەرۆشداریت).

### ئەنجامگیری

لەم وانەیەدا فێربووین چۆن مرۆڤ، لە ڕێی سەرنج دانە نیشانەی ڕوخسار، لەش و دۆخ، دەتوانێت هەستی بەرانبەر دیاری بکات. هەروەها فێربووین، کە دەشێ مرۆڤ هەستی جودای هەبێت و هەستیش دەشێ بێتە گۆڕین.

### نامەیەک بۆ ماڵەوە

نامەی ژمارە یەک،«هەنگاو بە هەنگاو» - بەرنامەی ڕێ گرتن لە توندوتیژی.

### گواستنەوەی زانیار

لە ژیانی ڕۆژانەدا خوێندکاران هان بدە بیر لە هەستی خۆیان بکەنەوە و هەروەها پێشبینی لە هەستی بەرانبەر بکەن لە ئاست بارودۆخی تایبەتدا.

گەریانەلیستی هەستەکان لە پۆلدا پێشان بدە و داوا لە خوێندکاران بکە بەردەوام خاڵی دیکەی بخەنەسەر.

**یادی ئەمڕۆ:** داوا لە خوێندکاران بکە ئەو ساتانە بێننەوە یاد، کە هەستێکی تایبەتیان هەبووە.

ئاگاداریان بکەرەوە لەوەی هەست دێتە گۆڕین، بۆ نموونە «ڕۆنیا، بیرتە تۆ جاران دەترسایت سواری ئۆتۆبوس (پاس) بیت. کەچی ئێستا زۆرت لا خۆشە. ئێستا تۆ یەکەم کەسیت لە ڕیزەکەدا دەوەستیت تا سواری ئۆتۆبوس بیت!»

### چالاکیی دیکە

داوا لە خوێندکاران بکە چیرۆک دەربارەی ونبوون بنووسن. هانیان بدە ناوی هەستەکان بنووسن.

«...»


© 2002 Committee for Children, USA